# دڵێکی شکاو... گوڵێکی قەیرە

عومەر کەریم بەرزنجی

لە ڕووت بوونەوە مەترسە، ئەی ئاو
ئەی جنسی هەورو کچی باران
لە دەرگای دڵی شەو مەدە
بەنێو ئەو حیکایەتانەدا" شۆڕ مەبەرەوە
حیکایەتی ئەو کوکوختیانەی
لەبەردەم شەستە بارانی قەدەردا
بەخوێنی خۆیان"
چیرۆکی مەرگی
ئەو پەپولانە دەنوسنەوە
لە شەوێکدا دڵیان لەژێر
ساباتی عیشقێکدا لێجێماو
فریای هەڵگرتنەوەی نەکەوتن
* * *
لە دەرگای دڵی شەو مەدە
ئەو چاوانە هەڵگرەوە
لەبەردەم خەونێکدا هەڵوەرین
حیکایەتی ئەو خەونانە بنوسەرەوە
خەونی ڕووت بونەوەی ئەو قەیرانەی
لە پێخەفی ساردو سڕی تەنیایدا
پارچەی ئەو دڵە شکاوانەیان کۆدەکردەوە
دڵێك سیخناخ بەقەلەقی خۆکوشتن
* * *
شەمشەمە کوێرەیەك لە باخچەکەدا دەخوێنێ
گوڵێك بەدەم گۆرانی وتنەوە
چیرۆکی قەیرەبوونی ئەو فریشتانە دەگێڕێتەوە
ئەو قەیرانەی لە تەنیاییدا
باوەشی لەزەت بەو پێخەفانەدا دەکەن
ئامێزیان پڕە لەکۆتری خەون و
سێوی تینوی دەستی باخەوانێك
ئەو قۆخە گەیوانە تامەزرۆی دیداری ڕێواسن
دەنگی ئەو شەمشەمە کوێرەیە گوڵەکان هەراسان دەکات
٢٠٠٣/٤/٢٨
سلێمانی

کوردستان نێت www.kurdistannet.org